زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب

بەشی کۆمەڵناسی

قۆناغی سێیەم

کۆرسی یەکەم

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

Salahaddin University-Erbil

# بەشی یەکەم

# مانا و گرنگی و ناوەڕۆکی ئاماری کۆمەڵایەتی

# ناوەڕۆک

بەشی یەکەم: مانا و گرنگی و ناوەڕۆکی ئاماری کۆمەڵایەتی:

یەکەم/ ئامار چییە؟

دووەم/ گرنگی ئامار لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ توێژەر:

سێیەم/ بوارەکانی ئامار

چوارەم/ جۆرەکانی ئامار لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

پێنجەم/ هەندێک چەمکی پەیوەندیدار بە ئامار.

# ئامانج

- لەم بابەتە تیشک دەخەینە سەر مانای ئامار
- خستنەڕووی گرنگییەکانی ئامار بۆ توێژەر
- دیاریکردنی بوارەکانی ئامار
- هەروەها خستنەڕووی جۆرەکانی ئامار
- ڕوونکردنەوەی هەندێک چەمکی پەیوەندیدار بە ئامار

## یەکەم/ ئامار چییە؟

چەمکی ئامار لە وشەی لاتینی (status) وەرگیراوە کە بە واتای دەوڵەتی سیاسی دێت. ئەو کات ئامار زاراوەیەک بوو بۆ وەسفکردنی بارودۆخ و دامودەزگاکانی دەوڵەت، دواتر گۆڕا بۆ مانایەکی نوێ، بە واتای بەکارهێنانی میتۆد و ڕێبازە ئامارییەکان بۆ دامەزراوە و سیستەمەکانی دەوڵەت، کە پەیوەندییان بە وەسف و شیکردنەوەی داتای ژمارەییەوە هەیە بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکانی پەیوەست بە کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگە.

بەگشتی دەکرێ بگوترێ ئامار ئەو زانستەیە هەوڵی کۆکردنەوەی و ڕوونکردنەوە و وەسفکردن و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و دەرخستنی ئەنجامەکان دەدات، بە بەکارهێنانی شێوازی چەندایەتی و شیکاری کە جیهانی ئامار پشتی پێ دەبەستێت.

# یەکەم/ ئامار چییە؟

یان ئەو زانستەیە کە مامەڵە لەگەڵ کۆکردنەوە و ڕێکخستن و پێشکەشکردن و شیکردنەوەی داتاکان و دەرهێنانی دەرەنجامەکان دەکات.

کۆکردنەوەی زانیاری واتە پرۆسەی بەدەستهێنانی پێوانە، ژمارە، یان بەهایە بۆ ئەو توێژینەوانەی کە لەلایەن توێژەرەوە ئەنجام دەدرێن، وەک زانینی تەمەنی خوێندکاران، ئاستی خوێندەواری، باری دارایی.

## • دووەم/ گرنگی ئامار لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ توێژەر:

1. گۆڕینی دیاردە و پەیوەندی و گۆڕاوەکان، یاخود داتا و زانیارییە چۆنایەتییەکان بۆ داتاو زانیاری چەندایەتی و ژمارە کە دەتوانرێت لە شیکاری زانستیدا سوودی لێ وەربگیرێت.
2. شێوازە ئامارییەکان یارمەتی توێژەر دەدەن لە دەرهێنانی ئەنجامە گشتییەکان لە ئەنجامە بەشەکیەکان.
3. شێوازە ئامارییەکان یارمەتی توێژەر دەدەن بۆ پێشبینیکردنی ئەو ئەنجامانەی کە ئەگەری هەیە لە داهاتوودا یان لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بەدەست بێن.
4. شێوازی ئاماری یارمەتی توێژەر دەدات بۆ دیاریکردنی کاریگەری فاکتەرێک یان هۆکارێک بەبێ فاکتەریتر، کە بەکردەوە ناتوانرێت بە دەست بهێنرێت.

## • دووەم/ گرنگی ئامار لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ توێژەر:

5. لەبەکارهێنانی ئامار لە توێژینەوەکاندا توێژەر دەتوانێت گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە دەست نیشان بکات و کاریگەری هەر یەکێکیان لەسەر بابەتی توێژینەوەکە، هەروەها کاریگەری هەر گۆڕاوێک لەسەر ئەویتریان.

6. بە ڕێگای ئاماری دەتوانین پەیوەندی و جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان دەست نیشان بکەین.

7. بە بەکارهێنانی ئامار توێژەر دەتوانێت نموونەی توێژینەوەکەی دیاریبکات ئەگەر کۆمەڵگەی توێژینەوە گەورە بێت و نەتوانێت هەموو تاکەکان بۆ توێژینەوە وەربگرێت.

8. بە بەکارهێنانی ئامار زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێش دەکەون لەڕووی گریمانە و تیۆرەکان و یاسا گشتییەکان.

## سێیەم/ بوارەکانی ئامار

بوارەکانی ئامار بریتیین لە: (السكانية ، الاجتماعية ، الاقتصادية ، البيئية ، والثقافية ).

## • چوارەم/ جۆرەکانی ئامار لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان

ئامار دابەشی سەر دوو جۆری سەرەکی دەکرێت:

1- ئاماری وێنایی (وەسفی یان وەسفکەر) (الإحصاء الوصفي - Descriptive Statistics):

گرنگی بە وەسفکردن و ڕوونکردنەوە و پیشاندانی داتاکان یان گۆڕاوەکان دەدات بەبێ شیکردنەوە و ڕاستی دەرئەنجامەکان لەبارەیانەوە.

## چوارەم/ جۆرەکانی ئامار لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان

2- ئاماری شیکاری (الإحصاء التحليلي - Analytical Statistics): ئەمە تەنها لە خستنەڕووی وەسفکاری کەیس و داتا و زانیارییەکانی دیاردەکانی لێکۆڵینەوەوە ناوەستێت، بەڵکو هەوڵی شیکاری داتاکانیش دەدات بە بەکارهێنانی و ڕێگا و شێوازی و ئامرازی ئاماری شیکاری بۆ گەیشتن بە ئەنجام و بڕیاردان لەبارەیان.

## • پێنجەم/ هەندێک چەمکی پەیوەندیدار بە ئامار:

❖ گۆڕاو (variable) ئەو حاڵەتە یان دۆخەیە کە دەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت وەک تەمەن، ئاستی خوێندەواری، ژمارەی ئەندامانی خێزان، باری کۆمەڵایەتی، و هتد. گۆڕاوەکان پۆلێن دەکرێن بۆ سەر چەند جۆرێک لەوانە:

1.گۆڕاوە سەربەخۆکان و گۆڕاوە وابەستەکان: زۆرجار توێژینەوەی زانستی چەندین گۆڕاو لەخۆدەگرێت (دوو گۆڕاو یان زیاتر).

- **پێنجەم/ هەندێک چەمکی پەیوەندیدار بە ئامار:**

2. گۆڕاوە وەسفکەرەکان و گۆڕاوە چەندایەتییەکان: گۆڕاوە وەسفییەکان واتە ئەو گۆڕاوانەی کە تەنها بە وەسف دەپێورێن یان دەردەبڕدرێن و ناتوانرێن بە ژمارە پێوانە بکرێن، وەک پیشەی باوک، ڕەگەزی خوێندکار، ئاستی خوێندەواری، باری کۆمەڵایەتی. سەبارەت بە گۆڕاوە چەندایەتییەکان، ئەو گۆڕاوانەن کە بە شێوەی ژمارەیی یان چەندایەتی دەپێورێن یان دەردەبڕدرێن، وەک تەمەن، ژمارەی ئەندامانی خێزان، و هتد.

- **پێنجەم/ هەندێک چەمکی پەیوەندیدار بە ئامار:**

- **کۆمەڵگە: بریتییە لە هەموو یەکەکانی ئەو دیاردەیەیە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، بۆنموونە یەکەکانی کۆمەڵگەی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەددن، هەموو خوێندکارانی کۆلێژەکانی ناو زانکۆی سەلاحەددین لەخۆدەگرێت.**
- **نموونە: بەشێکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە و ئەمەش بەپێی هەندێک تایبەتمەندی هەڵدەبژێردرێت.**

# بۆ وانەی داهاتوو

شەشەم: وێنە و شێوە زانیارییەکان

# کۆتایی

## سوپاس